## کورد و عەجەم

کتێبی کورد و عەجەم نووسینی کاک نەوشیروان مستەفا ئەمین بە ناوی خوازراوەی "ساڵح محەمەد ئەمین"ەوە، روانینێکی خێرا بەڵام بەناوەڕۆکی مێژوویی کوردە لە پەیوەندی ئێرانییەکاندا لە سەدەی شازدەهەمی زایینی و دامەزرانی دەوڵەتی سەفەویانەوە تا 20 ساڵی یەکەمی سەدەی بیستەم واتە راپەڕین و تێک شکانی سمکۆ لە سەردەمی رەزاشای پەهلەویدا.

کتێبەکە کەمتر چۆتە باسی بۆکانەوە بەڵام لە زۆر رووداوەی کۆمەڵایەتی – سیاسی لە موکریان و ناوچەی مەهاباد دواوە کە زۆربەیان بۆکانیش دەگرنەوە. بۆ نموونە:

- باسی داگیرکرانی قەڵای گاوەدۆڵی کوردان لە ناوچەی هەوشار و موکری قڕان بە دەست شا عەبباسی سەفەوی*(وەرگێڕاو لە عالەم ئارای عەبباسی)*، لاپەڕە 93 تا 96.
- بڵباس لە عێلی رۆژەکی یە، کە لە سەردەمێکدا لە چوارگۆشەی ورمێ – سەقز – شارەزوور – رەواندز دا هێزێکی گەورە بوون *(وەرگێڕاوە لە الغزاوی)*، لاپەڕە 103.
- مەڵبەندی موکریان لە لایەن هێزی شێخ عەبدولقادر (کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) یەوە ئازاد کرا، هێزەکانی شێخ بریتی بوون لە پیاوگەلی هۆزە کوردەکانی شەمزینان،...، گەورک، موکری، دێبوکری...، لاپەڕە 170.
- کووژرانی حەمە حسین خانی سەردار موکری بە دەست سوپای تورک لە مەراغە، لاپەڕە 283.
- دوای کووژرانی مارشیمون بە دەست سمکۆ، چەکدارەکانی ئاغا پەترۆس کەوتنە تەقەلای کردنەوەی رێگەیەک بۆ لای بیجار و ساییں قەڵا، کە لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیزدا یەک بگرنەوە، لاپەڕە 313 *[ئەم باسی پاشەکشەی ئاسۆرییە هەزارەکان لە ورمێوە بەرەو خانەقین و تێپەڕبوونیان بە ناوچەی بۆکان یا نزیک ئەودا، جێگەی لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەوەی بارودۆخی ئەودەمی بۆکان بزانرێت. ئەنوەر]*.
- مەسەلەی تاڵان کرانی ماڵی حاجی ئێلخانی لە لایەن هێزی سمکۆوە لە وت و وێژە گرنگەکانی مستەفا پاشا یامولکی لەگەڵ سمکۆ لە سلێمانی. بە گوێرەی سمکۆ، حاجی ئێلخانی نەک هەر خۆی دژایەتی سمکۆی کروە و چۆتە پاڵ دەوڵەت، بەڵکوو عەشیرەتەکانی دیکەشی هان داوە ئەم کارە بکەن، لاپەڕە 352 و 353.
- لە لاپەڕە 361 و 362 دا هەواڵێک لە زمان "محەمەد تەمەددون" ەوە سەبارەت بە رۆژنامەی کورد [یا "رۆژی کورد"، یا بە قەولێک "رۆژی کورد، شەوی عەجەم"]، ژمارە2 راگەیێنراوە *[محمد تمدن، اوضاع ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیه، تهران، چاپ اسلامیه، 1350]*.

هەواڵەکە سەبارەت بە شەڕی هۆزەکانی ناوچەی موکریانە لەگەڵ "سوارەی خاڵۆ قوربانی هەرسینی" کە دوای هەرەسی بزووتنەوەی جەنگەڵ لە گیلان، بای دایەوە لای رژیمی پەهلەوی و نێردرایە موکریان بۆ شەڕ لەگەڵ سمکۆ، کە پێش رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سوپای سمکۆ هەر لە لایەن هۆزەکانی ناوچەی موکریانەوە سوپا کەی تێک شکێنرا و خۆیشی کوژرا.

لە شەڕی دژبە خاڵۆ قوربانDا ئەمیر ئەسعەد واتە عەلیاغای عەلیار و هەروەها "سوارەی ئاغای سەرداری موکری" *(واتە عەلی خانی سەرداری بۆکان و سوارەی*

*بۆکانی)* بەشدار بوون. ئەم راپۆڕتە گەلێک بە روونی باسی چۆنییەتی شەڕەکە و شوێنی شەڕلە زاوابووک و داشامەجیدی کردوە و دەڵێ دوای شکانی سوپای خاڵۆ، سوارەی ئەمیر ئەسعەد "یەک عەرادە مەترەلیۆزیان دەسکەوتبوو". خاڵۆ قوربان سوارەی ئەحمەد گوڵاوی ئاغای مەنگوڕ یا ئەحمەدخانی هەرکی کوشتیان، لاپەڕە 362.

هەروەها لەم لاپەڕانەشدا سەبارەت بە بۆکان و دەور و بەری بابەت نووسراوە :

30، 32، 169، 191، 193، 201، 208، 216، 223، 288، 289، 294

ساڵح محمدامین، "کورد و عەجەم : مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران"، ناشر؟، شوێن؟، 1992، کوردی، 398 لاپەڕە

کتێبەکە، وەرگەڕاوەتە سەر زمانی فارسیش بەڵام بەداخەوە تەرجەمەیەکی باشی نییە و سەدان هەڵەی تێکەوتووە. ئەو بابەتانەی لە سەروە باسیان کرا، لە تەرجەمە فارسییەکەدا کەوتوونەتە ئەم لاپەڕانەوە: 104، 112، 175، 178، 301، 335، 379، 387

نوشیروان مصطفی امین، "تاریخ سیاسی کردها"، ترجمه اسماعیل بختیاری، انتشارات بنکەی ژین، سلێمانیە، 2006، فارسی، 427 لاپەڕە